سەرۆك وەزیران لەگەڵ نوێنەرانی كۆمپانیای "ئێرنست و یونغ" كۆبوەوە

ئەمڕۆ پێنجشەممە، سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، لەگەڵ نوێنەرانی كۆمپانیای "ئێرنست و یونغ" پلانی خۆی بۆ رێكخستن و داڕشتنی كارەكانی بانكی رافیدەین تاوتوێ كرد.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆك وەزیران لە بەیاننامەیەكدا رایگەیاند: سەرۆك وەزیران سەرپەرشتی كۆبوونەوەیەكی كرد كە نوێنەرانی كۆمپانیای "ئێرنست و یونغ" بۆ وردبینی و ڕاوێژكاری دارایی لەخۆگرتبوو، بە ئامادەبوونی وەزیری دارایی و پارێزگاری بانكی ناوەندی عێراق و ڕاوێژكارانی سەرۆك وەزیران كە پەیوەندییان بە لایەنی ئابوورییەوە هەیە.

بەپێی بەیاننامەكە، لە میانی كۆبوونەوەكەدا، رەشنووسی سەرەتایی پلانی كۆمپانیاكە تاوتوێ كرا بۆ مەبەستی ڕێكخستن و داڕشتنی كارەكانی بانكی رافیدەین، لە چوارچێوەی ئاراستەی حكومەت بۆ چاكسازی لە كەرتی بانكی و دارایی، و كۆمەڵێك تێبینی لەسەر رەشنووسی پلانەكە تۆماركرا بۆ ئامانجی هەمواركردنەوەی و بەردەوامبوون لە جێبەجێكردنی.

هاوكات سەرۆك وەزیران جەختیكردەوە، كە پێویستە پلانەكە كارپێكراو بێت، نەك كۆپی ئەزموونەكانی پێشوو، و گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەكەی.

بەگوێرەی بەیاننامەكە، سەرۆك وەزیران ئامادەیی حكومەتی دەربڕی بۆ پێشكەشكردنی هەموو

ئاسانکارییەکی پێویست بە بەدیهێنانی گۆڕانکاری و داڕشتنەوەی، کە بەشێکی سەرەکییە لە ئامانجی بەرنامەی حکومەت لە بواری چاکسازی دارایی و بانکیدا.

هەروەها سودانی تەئکیدی، لە خێرا تەواوکردنی کردەوە، بە ئەوەی پلانی پێویست سەرکەوتوو بێت و پێشکەوتنی بەرجەستە لە چوارچێوەی چاکسازی ئابوریدا بەدەست بهێنرێت.